# یەکلاکردنەوەی پرسی کەرکوک کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێراقە




وا بۆ پێنج ساڵ دەچێت هاووڵاتیانی ئێراق ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبوو لە ریفراندۆمێکدا بۆ دەستوری هەمیشەی ئێراقی فێدراڵ دەنگیاندا ، زیاتر لە ٨٠% دەنگدەران ئەو دەستورەیان پەسەند کرد کە مادەی (١٤٠)ی ئەو دەستورە تایبەتە بە یەکلا کردنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ، لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا نەک هەر بەند و بڕگەی ئەو مادە دەستورییە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو هەنگاوەکانیش کەم تین و قرچۆک بوون بۆ جێبەجێ کردنی مادەکە، وەکو رۆژی روون ئاشکرایە بێجگە لە کات کوشتن و خۆ خەریک کردن و خاوە خاو کردن ئەو ماوە زۆرە هیچی تر نەبوو ، هەروەها بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییە عەرەبی و تورکمانییەکان گاڵتە و فشەیان بەو بەند و مادە دەستورییە هاتووە و بەردەوام لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بەرپەرچی لایەنە کوردییەکانیان داوەتەوە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردستانیەتی کەرکوک و بە مەنزڵ گەیاندنی دەستورەکە.

کەرکوک تاکو رۆژگاری ئەمڕۆ بووتە جێگەی مشتومڕ و قسەکردنی جدی باس و خواسەکانی نێوان لایەنی کوردی و لایەنە عەرەبی و تورکمانییەکان ، کە هەر نەتەوە و لایەک خۆی بە خاوەن ماف و بەشخوراو دەزانێت لە کەرکوکدا ، چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک بووەتە کلیلی چارەسەر کردنی بەشێکی زۆری کێشە و گرفتەکان ، ئەمەش نەک تەنها بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ پێویستە بەڵکو ئەرکێکی مێژووی بووە و دەسەڵاتداران خۆیان لە چارەسەرکردنی دزیوەتەوە.

کاتێک ئاوڕ لە مێژووی کوردستانی بوونی ئەو شارە دەدەینەوە بێگومان سەرباری ئەوەی لە رووی تۆبۆگرافیا و ئاو و هەوا و پێوەرە جوگرافییەکانی دیکەوە بەشێکی دانەبڕاوی هەرێمی کوردستانە، هاوکات لەرووی مێژوویەوە پایتەختی گوتیەکان بووە و بەشێکی گرنگی قەڵمڕەوی دەوڵەتی مادەکان بووە کە ئەکباتانا (هەمەدان) پایتەختیان بووە و ساڵانێکی زۆر پایتەخی ئەیالەت (ولایەت)ی شارەزوور بووە ، لەسەردەمی میرنشینە کوردییەکانیشدا لە جوغز و بازنەی دەسەڵاتی میرنشینی بابانەکاندا بووە.

لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا وەک لە قاموس ئەلیعلامی ساڵی ١٨٩٧ز دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە سەرجەم دانیشتوانەکەی بریتیی بووە لە ٣٠ هەزار کەس و لەکۆی ئەو دانیشتوانە سێ لەسەر چواری ( ٢٢هەزار و پێنج سەد کەسی) ئەو ژمارەیە کورد بووە ، هەروەها ٧٦٠ جوولەکە و ٤٦٠ کلدانیشی تێدا ژیاون و دانیشتوانەکەی دیکەی تورکمان و عەرەب بوون ، بە پێی ئاماری کۆمیتەی تایبەت بە کێشەی ویلایەتی موسڵ کەلە ساڵی ١٩٢٥لەلایەن (کۆمەڵەی گەلان)ەوە پێکهێنرا، ژمارەی کوردەکانی شاری کەرکوک ٨٧٥٠٠ کەس بوون کە دەیکردە ٦٣%ی دانیشتوانی شارەکە، ژمارەی عەرەبەکان ٢٥٢٥٠ کەس بوون کە دەیکردە ١٨% و ژمارەی تورکمانەکان ٢٦١٠٠ کەس بوون کە دەیکردە %.١٩

لەسەرژمێرییەکانی دەوڵەتی عێراقی بە هەموو گزی و فڕوفێڵ و ساختەکاری و پاڵپشتی کردنی عەرەب بۆ نیشتەجێ بوون لە کەرکوک و ئەجامدانی پرۆژە ئاوی ناحیەی مەلحە (کە پاشتر بووە حەویجە)و نیشتەجێ کردنی خێڵ و هۆزە عەرەبە مەڕ وماڵات لەوەڕێن و کۆچەر و شوانکارەکان لە دەوروپشتی ئەو پرۆژەیە ئینجا هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەکە بەهەموو شێوازێک دراوە وەکو : ( هێنانی عەرەبی دە هەزاری و دابڕینی ژمارەیەکی زۆری قەزا و ناحیە کوردییەکان لەو پارێزگایە و دەرکردن و گواستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لەو شارە و پیادە کردنی سیاسەتی تەعریب و تەهجیر و تەرحیل و گۆڕینی ناوی شوێن و گەڕەک و کوچەکانی بۆ ناوی عەرەبی و...هتد) هێشتا تاکو سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ زۆرینەی کورد بووە.

ئەگەر بەوردی تەماشای پرسی کەرکوک بکەین هەر لە پاش برانەوەی یەکەمین جەنگی جیهانی یەکێک بووە لەو پرسە ئاڵۆزو پڕ لە گێرمە و کێشانەی تەنانەت ئینگلیزەکانیش بەدەستیەوە گیریان خواردبوو تێیدا دۆش داما بوون بۆ یەکلا کردنەوەی چارەسەرکردنی کارگێڕی ناوچەکانی کەرکوک و لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیشدا لە ساڵی ١٩٢١ تاکو ساڵی ١٩٢٤ ئەو شارە هیچ ئالایەکی ئێراقی بەسەر دامەزراو و دامودزەگاکانیەوە نەدەبینرا تاکو لەو ساڵەدا شا فەیسەڵ یەکەم پاشای ئێراق هاتە کەرکوک و ئاڵای ئێراقی لەسەر فەرمانگەکانی میری تێدا هەڵکرا.

لەسەردەمی پاشایەتیدا مشتومڕی زۆر لە نێوان پەرلەمانتارە کوردەکان و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە هەبوو بۆ ئەوەی دەوڵەت لەو راستییە حاشا هەڵنگرە بگات کە کەرکوک شارێکی کوردییە و بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە، پێویستە وەکو ئەوەی هەیە حەقیقەت و راستیەکان ببینێ نەک بە چەواشەکاری و تێفکرینی هەڵە مامەڵە لەگەڵ دانیشتوانی شارەکەدا بکرێت، گرێ کوێرەی پێک نەهاتنی شۆڕشی ئەیلول و حکومەت لەسەردەمی کۆماریدا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا دەگەڕێتەوە بۆ چاو نوقاندنی فەرمانڕەوایانی ئەو کاتەی عێراق لەمەڕ چارەسەرکردنی پرسی کەرکوک وەکو خۆی و نکۆڵی کردن لە کەوتنە بەربەش و کەوشن و سنوری کوردستانەوە ، کە پاشتر بە هۆی ئەوەی ئەو دۆزە کە وەکو خۆی چارەسەر نەکرا بووە هۆی ئەوەی شەڕی ئێراق و ئێران رووبدا و دواتر دەوڵەتی ئێراق بۆ قەرەبوو کردنەوەی زیانەکانی شەڕ پەلاماردانی (کوێت)ی دا و ئینجا شەڕی گەردەلوولی بیابان و پرۆسی ئازادی ئێراقی هێنایە ئاراوە.

ئەو رووداو کارەساتانە وانەیەکی مێژووی گرنگن بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمرۆی ئێراق بۆیە دەبێت واقعبینانە رەفتار بکەن و خۆیان لە راستیە مێژوویەکان گێل نەکەن ، چونکە لە هاوکێشەکانی رابردوودا وێرای ئەوەی سەری دەسەڵاتدارانی خوارد ئێراقیشی کردە وێرانەیەک تاکو ساڵانێکی دوورو درێژ مەحاڵە بار و دۆخێکی ئارام بەخۆوە بگرێت.



حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin2008@yahoo.com

# عێراقی من عێراقی تۆیە،هەروەها لە پێناوتام ئەی عێراق!!

دەگێڕنەوە دەڵێن لە گوندی(فارقین) لە شاری ئامەد لە باکوری کوردستان شێتێک دەبێت و ناوی(عورچۆ)دەبێت، ئەو شێتە بەو شێتاتیەی خۆیەوە خۆشی بە دروشمە شۆڤێنیستیەکانی ئەتاتورک نەدەهات کە دەڵێت(یەک زمان، یەک نەتەوە، یەک دەوڵەت، یەک کولتور) ئەم عورچۆیەش هەمیشە سەری زاری و بنی زاری ئەوەبوو(یەک تەماتە، یەک مریشک، یەک نان، یەک پیڤاز، یەک عورچۆ) بەو هۆیەوە هەمیشە لەلایەن جاش و سیخوڕ و ژاندرمی تورکەوە تێیهەڵدەدرا، ئەویش بێ دڵی خۆی نەدەکرد و هەمیشە دروشمەکانی بەو شێوەیەی ئەو دەیویست دەگووتەوە، چەندین جار پیاوانی دەوڵەت بۆ ئەوەی ئەم هەڵسوکەوتەی پێ تەرک بکەن دەچوون(یەک تەماتە و یەک مریشک و یەک نان و یەک پیازیان لە پێش کاک عورچۆ دادەنا)، عورچۆش هەتا تێری دەخوارد ئینجا بە شێوازێکی تر دەیگووت(یەک چا، یەک پێخەف، یەک خەوی خۆش) ئیتر تا بەیانی یەک ئەشکەنجەی باشیان دەکرد، تا وای لێهات جاش و سیخوڕ و ژاندرم و پیاوانی دەوڵەت لەو رەفتارەی عورچۆ لێڕاهاتن و بە شتێکی ئاساییان وەردەگرت تاوەکو تورکە فاشیستەکان تیرۆریان کرد، ئیتر ساڵ هات و ساڵ رۆیی بە هەزاران عورچۆ دروست بوون کە گاڵتە بەو دروشمانەی تورکەکان بکات و منداڵ و گەورە و ئاقڵ و نا ئاقڵ رێگە و رێبازی عورچۆیان گرتە بەر وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێ کە رۆژ لەدوای رۆژ ئەم دروشمانە کاڵ و کاڵتر دەبنەوە و ئەمەش ئەو مانایە دەگەیەنێ کە مەرگی ئایدیۆلۆژیا فاشیستیەکەی ئەتاتورک بەرەو کۆتایی دەچیت، بەڵام لەو پارچەیەی کە بە زۆرەملێ بە عێراقی عەرەبیەوە لکێنراوە ئاقڵەکانمان لە پێناو عێراقیبوون بوونەتە عورچۆ، دەزگە راگەیاندنەکانمان بوونەتە کانگەی بڵاوکردنەوەی بیری عێراقچێتی و بەقەد عورچۆش ناتوانن ئەم دروشمە بێ واتا و ناوەڕۆکانە بخەنە ژێر پێیان، بە پێچەوانەوە ئێمە بەبەردەوام ئەم دروشمانە دەپارێزین، ئەم ناونیشانەی بابەتەکەم ناونیشانی ئەو رێکلامە ناشیرنانەیە کە تەلەفزیۆن و رادیۆ و چاپەمەنی کوردی هەمیشە پێمانی ئاشنا دەکەن، ئەگەرچی ئەو پەیامە نە بۆ منە و نە بۆ تۆیە چونکە ئەوە پەیامی سەرانی عەرەبە بۆ ئەوەی عێراقیەکان دەستبەرداری کوشتنی عومەر و عەلیەکان بن و وڵاتەکەی خۆیان کەمێک خۆشبوێت و یەکپارچەیی خاکی عێراقی پێ بپارێزن، هەتا ناچارمان بکەن بۆ هەتاهەتایە عێراقی بین و دارخورما و دار بەڕوو، ئەسپ و وشترەکان، چیا و شاخ و بیابان و زۆنگاوەکان، کڵاو و جامانە و رانکوچۆغە و دشداشە و عەگال برابن و ئاشتی و تەبایی و برایەتی(ئەو برایەتیەی کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە) لەنێوانمان دروست بێت بۆ ئەوەی هەمیشە لە خشتەمان ببەن و پێیەوە هەڵمانخەڵەتێنن، میدیای کوردی دەیەوێت بە بڵاوکردنەوەی ئەو رێکلامانە فێرمان بکات کە عێراق وڵاتی هەموومانە و پێویستە بەرگری لێ بکەین و ئەوەی چوو ئیتر چوو، چەندە خۆشدەبوو ئەگەر لەبری ئەم دروشمە عەرەبەکان بیانگوتبایە(وڵاتی من وڵاتی تۆبووە و ئێمە داگیرمان کردووە) یان بیانگووتبایە(گیرفانی من گیرفانی تۆیە لە پێناوتام ئەی پترۆڵ)..!!

دەزگە راگەیاندنەکان لەپێناو چەند دینارێکی بێ نرخی عێراقی دەخوازن ئەنفال و هەڵەبجە و وێرانە گوند و نەهامەتیەکانمان لەبیر بەرنەوە و ئیتر لەمەودوا لەبری فیدای کوردستان بین و خەمی پارچەکانی تری کوردستانمان بێت ئیتر لەپێناو عێراق گیانمان فیدا بکەین بۆ ئەوەی(برا عەرەبەکانمان) لەگەڵمان بە ئاسوودەیی و بێ فرت و فێڵ بژین، راگەیاندنەکان دەخوازن لە نێو بیر و هزری منداڵی کورد قودسیەتێک یان گەورەییەک یان بەخشینەوەی ئینتیمایەک ببەخشنە عێراقیبوون و کوردستانی بوونی پێ کاڵ بکەنەوە، دەبوایە منداڵ و گەورە و ئاقڵ و نا ئاقڵی کورد فێرکرابان کە عێراق هەر عێراقەکەی ساڵی ٨٨ و سەردەمی خراپتر لە سەدام و بەعسیەکانە، عێراق عێراقی عەرەبانە، عێراق داگیرکاری پارچەیەک لە خاکی کوردستانە، عێراق هی ئێمە نییە، عێراق وڵاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە..!!

گەلۆ" تکایە ئەگەر رۆژێ لە رۆژان لە هەر شوێنێ هەر شێتێکی کوردتان بینی فێری بکەن کە چۆن بڵێت(عێراقی ئێوە عێراقی عەرەبانە، لە پێناوتام ئەی کوردستان)..!! هەر دەزگەیەکی راگەیاندنیش ئەم دروشمەم بۆ بڵاوبکاتەوە ئەوا ئامادەم خەرجی رێکلامەکە هەرچەند بێت بیدەم بۆ ئەوەی ئاقڵمەندەکانمان ببن بە عورچۆ..!!



شێرزاد عومەر مەحمود
s4632628@gmail.com

# گەڕانەوە بۆ ڕەسەنایەتی

گەڕانەوە بۆ رابردوو واتاو لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام نابێ بە دژایەتیکردنی پێشکەوتن لێبکی بدەینەوە، دەنا دووچاری سەرگەردانی دەبین، چونکە هیچ هێزێک ناتوانێ بەر بە کاروانی زانست و پێشکەوتن و جیهانگیری بگرێ، بەڵام بەمەبەستی خۆناسین و خۆماڵیکردنەوە پێویستە ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە.

لانی کەم لە دوای روخانی ئیماراتە کوردیەکانەوە تا ئێستا دیتران فەرمانڕەوایەتی کوردستانیان کردوە، هەندێک لەو فەرمانڕەوایانە زۆر کەللەڕەق و رەگەزپەرستانە رەفتاریان کردوە، هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردو سڕینەوەی کوردستانیان داوە، بۆ ئەو مەبەستەش ناوی کانی، شاخ، گوند و شارەکانی کوردستانیان گۆڕیوە، ئێستا بەشێک لەو ناوانە بۆ کورد نەک هەر نامۆن، بەڵکو جێی گاڵتەو پێکەنینن، بۆیە لەمیانی پڕۆسەی گەڕانەوە بۆ رابردوودا دەتوانین ئەوانە راست بکەینەوەو بۆ ناوە رەسەنەکەی خۆیانیان بگێڕینەوە.

لەو رۆژانەی رابردوودا رێزدار عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانی دیاربەکرد، لەکاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ موختاری گوندەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە تابلۆی گوندەکان نوێ بکرێنەوە، لەتەک ناوە تورکیەکاندا ناوە کوردیەکانیش بنووسرێن، ئەو هەنگاوەی نیشتمانپەروەرانی باکوری کوردستان جێی دەست خۆیشی و ستایش کردنە، بەڵام هەقە فەرمانڕەوایانای باشووری کوردستانیش هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ رەسەنایەتی دەست پێبکەن.

لە ماوەی ٣٥ ساڵەی دەستەڵاتی بەعس، ناوی دەیان گوندو شارەدێی باشووری کوردستان گۆڕدران، ئێستا ١٩ ساڵ بەسەر راپەڕینی خەڵکی کوردستان تێپەڕیوە، کەچی هێشتا هەنگاوی کردەیی وەکو پێویست هەڵنەگیراونەتەوە، تەنانەت ناوی ئەو ناوە عەرەبیانەی کە بەعسیەکان لەسەر گەڕەکەکانی شارەکانی کوردستانیان دانابوون، هێشتا بەکار دەهێندرێن. لێرەدا من وەک تاکێکی کوردستانی داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کە لەدەستپێکدا ناوی رەسەنی هاوینەهەواری پیرمام بگێڕێتەوە، هەرچەندە کە سەلاحەدینی ئەیووبی کورد بووە، بەڵام بۆچی دەبێ ناوی پیرمام کە رژێمی بەعس گۆڕیبووی، بۆ شارەکە نەگێڕدرێتەوە؟!

بێگومان دەستەڵاتدارانی کوردستان لەو بارەیەوە کەمتەرخەم و خەمساردن، دەنا دەکرا فڕگەی هەولێر بەناوی هەولێرەوە بێ، نەوەک بکرێت بە ئەربیل. هەندێک پاساو دەهێندرێتەوە کە گوایە لە سەرئاستی جیهانی ئەربیل ناسراوە، بەڵام بۆچی فڕگەکانی شار بەرلین، تیگل و شۆنەفێلد بن، یان ناوی فڕگەی ستۆکهۆلم ئارلاندە بێ، بەڵام بۆ نابێ ناوی فڕگەی شاری هەولێر هەر هەولێر یان قەڵا بێ؟!

هاشم عەبدوڵلا
hashm_abdulla@hotmail.com